فەیسەڵ عەلی

# رۆڵی ناسەنتراڵی
## لە گەشە پێدانی ناوچەییدا

ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران
سلێمانی ـ ٢٠١٣

- ڕۆڵی ناسەنتراڵی لە گەشەپێدانی ناوچەییدا
- نووسینی: فەیسەڵ عەلی
- بڵاوکراوەکـــانی ئـــەکادیمیای هۆشـــیاری و پێگەیاندنی کادیران
- سلێمانی ـ ٢٠١٣
- ژمـارەی سـپاردنی بـە بەڕێوەبەرایـەتی گـشتی کتێبخانە گشتییەکان ( ٢٩٠٦)ی ساڵی ٢٠١٣
- هەڵەبڕی: محمد عومەر
- دیزاینی ناوەوەو بەرگ: جوان قادر سۆفی
- چاپی یەکەم
- تیراژ: (٤٠٠٠ ) دانە
- ژمارەی زنجیرە: (٧٢)

www.pukhoshiari.com
info@pukhoshiari.com

## ئەكادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی كادیران

دامەزراوەیەكی كەلتورییە بەپێی بڕیاری كۆنگرەی سێی ساڵی ٢٠١٠ ی یەكێتیی نیشتمانیی كوردستان دامەزراوە، ئەركەكەی بریتییە لە دەستەبەركردنی پێداویستییەكانی هۆشیاركردنەوەی سیاسی، فراوانكردنی چوارچێوەكانی ڕۆشنبیریی گشتی، تۆكمەكردنی بەهاكانی دیموكراسیو مافی مرۆڤ و دادی كۆمەڵایەتی لەكۆمەڵدا، تاوتوێكردنی مەسەلەكانی بیری هاوچەرخو دابینكردنی كەرەستەی پێویست بۆ پێگەیاندنی كادیران لە بوارە هەمەجۆرەكاندا.

**سەرپەرشتیاری زنجیرە: حەسەن یاسین**

# پێڕست


پێشەکی .......................................................... ٦

یەکەم: چەمکی ناسەنتراڵ ................................. ٨

مەرجەکانی پەیڕەوکردنی ناسەنتراڵ .................... ١٢

دووەم: گەشەپێدانی ناوچەیی ................................ ١٧

سێیەم: ڕۆڵی ناسەنتراڵ لە گەشەپێدانی کۆمەڵی ناوچەیدا ................................................................. ٢٤

چوارەم: ناسەنتراڵی لە عیراق وهەرێمی کوردستان ٣٢

پێنجەم: دەرئەنجام ................................................ ٣٨

شەشەم: ڕاسپاردەکان ........................................ ٣٩

## پێشەکی

لــە کۆتــایی ســەدەی بیــستەوەو لــەدەرئــەنجامی ئــەو گۆڕانکارییــە سیاســیی وئــابووریی‌و تــەکنــەلۆجییانــەوە بایەخێکی زیاتر به چەمکی ناسـەنترالّـی درا. ناسـەنترالّـی ئامانج نیە بەڵکو فـەلسەفـە و هۆکـاری گـەشـەپێدانـە کـە بەهۆیەوە هاووڵاتیان دەتـوانن بـەشـداری لـە دروستکردن‌و دەرکردنــی ئــەو بڕیارانــەدا بکــەن کــە پــەیــوەنــدیی بــە گەشەپێدانی ژیان‌و گوزەرانیانەوە هـەیـە، واتـە نـاسـەنترالّی پەیوەستە بە گواستنەوەی دەسەڵات‌و سەڵاحیـات لـە ئاسـتە بالاّکانی ئیدارەوە بۆ ئاستەکانی خوارەوە.

یەك لە هۆکارە سەرەکییەکانی پەنابردنە بەر ناسەنترالّی ئیداری شکستهێنان یان کـەمتوانـایی ئـەو حکومـەتانـەیـە لەبەڕێوەبردنی پرۆسەی گەشەپێدانی ئابوری‌و کۆمـەڵایـەتـی وڵاتەکـەیانـدا، یـان لاوازبـونی نـاوەنـدە لـە هێنانـەدی ئـەو ئامانجانــەی کــە دیــاریکردبون، ئــەم شکــستهێنانەشــیان نــاڕەزایــی زۆری لای دانیــشتوانی ناوچــە جیاجیاکــان لێ کـەوتۆتـەوە، بـەتایبـەتـی کـە ئـەو حکومـەتـە سـەنترالاّنـە بەیەکسانی گەشەیان بە ناوچەکانی وڵات نەداوە. ئێستا لـە سستمە دیموکراتەکانیشدا پەنـا بـۆ ناسـەنترالّـی دەبـرێ بـۆ ئەوەی زۆرتـرین بـوار بـۆ دانیـشتوانی ناوچـە جیـاوازەکـانی وڵات برەخسێنێت بۆ بەشـداریکردنی لـە داڕشـتنی پـلان و بـەرنامــەی پـەرەپێـدانی ناوچـەکـەی خۆیانـدا، کـە زامــنی سەرخستنی ئەو بەرنامەیەش دەبن، هەنگـاوێکی گرنگیـشە

بۆ کەمکردنەوەی جیاوازیی ئاستی پێشکەوتنی نێوان ناوچە جیاوازەکانی وڵات. لەلایەکی ترەوە، هێندێك لە دەوڵەتە سەنتراڵەکان ئەو ئاراستەیە دەگرنەبەر لە پێناو مانەوەی دەسەڵاتەکەیاندا بۆ ئەوەی لەگەڵ ئەو ئاراستەیەی ئێستای دنیادا بڕوات.

## یەکەم: چەمکی ناسەنترالّی

دەوڵەتانی دنیـا لـە بـەڕێـوەبردنـی کاروبـاری ئـابوریی‌و کۆمـەڵایەتییاندا شـێوازی ئیـدارەی سـەنـترالّ یـان ئیـدارەی ناسەنترالّ یان هەردوکیان پێکەوە پەیڕەو دەکەن. لـە مـاوەی باسـکردنی پـەیـوەنـدی نێـوان ئیـدارەی ناسـەنترالّـی‌و گەشەپێدانی ناوچەیدا، هێندێك لەو چـەمـك‌و تێگـەیـشتن‌و زاراوانەی کە لـە گوتـاری میـدیاو ئـەکادیمیـدا بـاون، بـاس بکەین.

## پێناسەی ناسەنترالّ

چەمکی ناسەنترالّ بەهۆی جیاوازی ئەو ستراتیجیەتانـەی دەگیرێنەبەر لە وڵاتێکـەوە بـۆ یـەکێکـی تـر تێڕوانینـەکـان دەگۆڕێن، بەگشتی دەکرێ بڵێین ناسەنترالّ بۆ چەنـدین وڵات پرۆسـەیـەکـە بـۆ گواسـتنەوەی چـالاکییە ئـابوریی‌و خزمەتگوزارییەکان لە ناوەندی دەسەڵاتەوە بۆ پارێزگاکـان، واتـە لـە نـاوەنـدەوە بـۆ ئـەو پارێزگایانـەی کـە ئاسـتی گەشەکردنیان نزمە.

بـەجـۆرێکی تـر دەکـرێ بگـوترێ ناسـەنترالّـی ئیـداری "پرۆسەیـەکـە حکومـەت بەهۆیـەوە بـەفـەرمـی دەسـەڵات‌و بەرپرسیارێتیی بۆ ئاستی نـزمتر لـە پلـەبـەنـدی سیاسـیی‌و ئیـداریی‌و ناوچـەیـی دەگوێزێتـەوە"، ئـەم گواسـتنەوەی سەڵاحیاتی ئیدارییە ڕێگە بـە هـەرێمـەکـان دەدا کاروبـاری حکومەت لەناوچەکانی خۆیان جێبەجێ بکـەن بـەتایبـەتـی ئەوانـەی پـەیـوەنـدییان بـەجێبـەجێکـردن‌و چـاودێریکردن‌و بەڕێکردنی وەبەرهێنە گشتییەکانەوە هـەیـە. پێویـستە ئـەو

پرۆسەی گواستنەوەی دەسەڵاتە بۆ پارێزگاکان، هاوکات لەگەڵ خۆیدا هۆکارە داراییە پێویستەکانی گەشەپێکردنی پارێزگا ناسەنتراڵەکان بڕەخسێنێت، بەڵام ئەو پێدانی دەسەڵاتو سەڵاحیەتانە دەبێ لە ژێر چاودێریو لێپرسینەوەی حکومەتی ناوەندیدا بێت.

هێندێکی تر پێیان وایە ناسەنتراڵ (کە دەبێ حکومەت دان بەجۆرێك لە سەربەخۆیی کەسایەتییە مەعنەوییەکانی خوارەوە لە بەڕێوەبردنی کاروبارە ناوخۆییەکانیاندا بنێت، وەك (ئەنجومەنی پارێزگا، ئەنجومەنی شارەوانی، ئەنجومەنی قەزا، ئەنجومەنی ناحیەکان و...)، بەڵام دەبێ بەردەوام ئەو ئەنجومەنانە لەژێر سەرپەرشتی و چاودێری دەسەڵاتی ناوەندیدا بن. یان هێندێکی تر پێیان وایە ناسەنتراڵ بەمانای ئەو رەوتە دێ کە حکومەت لەرێگەیەوە دەستبەرداری بەشێك لە دەسەڵاتو ئیمتیازاتەکانی خۆی بۆ ئاستەکانی خوارەوەی ئیدارە دەبێت، واتا بەرپرسیارێتی پلاندانانو پارەدانو ئیدارەدانی خزمەتگوزارییە گشتییەکان لە ناوەندەوە دەبەخشێتە ئاستەکانی خوارەوە لە پارێزگا وقەزاو ناحیەکاندا بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی باشتر بتوانن کاروباری سنوری دەسەڵاتەکانی خۆیان راپەڕێننو پێداویستی دانیشتوانی ناوچەکانیان دابین بکەن. بەمجۆرە حکومەتی ناوەندی دەتوانێ لە رێگەی گرتنەبەری ناسەنتراڵەوە زیاتر لە هاووڵاتیانی پارێزگاو قەزاکانەوە نزیك بێتو باشتر پێداویستییو خزمەتگوزارییەکانیان پێشکەش بکاتو لە ئاستی گلەییو گازندەکانیان کەم بکاتەوە.

## بەهانەكانی پەیڕەوكردنی ناسەنتراڵ

سروشتی هەندێك لە كارو چالاكییەكانی حكومەت دەخوازێ بە سستمی ناسەنتراڵ بەڕێوە ببرێت، ئەمەیش وای كرد كە حكومەتی ناوەندی دامەزراوەی ناوچەیی پێكبهێنێو تارادەیەكی دیاریكراو سەربەخۆیی ڕێكخستنو ئیداریو دارایی پێ ببەخشێت، یان هەندێك جار بەهۆی ئەوەی كە دامەزراوە ناوچەییەكان بەر لە بونی دەسەڵاتی ناوەندی هەبون، كاتێك پێكەوە یەكەیەكی ناوەندی پێكدەهێنن، كاروبارە ناوچەییەكان بەدەست خۆیەوە دەهێڵرێتەوە بۆ ئەوەی لەو پرۆسەی یەكخستنەی نێوانیان ناكۆكی دروست نەكاتو نەبێتە هۆی لێكترازانیان.

لەو روانگەیەوە، دەكرێ ئاماژە بەو هۆكارانە بدرێ كە دەبنە هۆی پیادەكردنی ناسەنتراڵی:

### ١- پەرەسەندنی رۆڵی دەوڵەت:

زیادبونی ئەركەكانی حكومەت بونە هۆی پێكهێنانی دامەزراوەی ناوچەیی بۆ راپەڕاندنی كاروباری ناوچەكانو بۆ ئەوەی دەوڵەت بە كارە سەرەكییەكانی خۆیەوە سەرقاڵ بێت.

## ٢- جياوازى لە نێوان ناوچەكانى دەوڵەتدا :

فراوانبـــونى روبـــەرى دەوڵـــەتو جيـــاوازى ئاســـتى پێشكەوتنى ئابوريى‌و كۆمـەلاّيـەتـى‌و فـەرهـەنگـى نێـوان ناوچەكان كە كێشەوگرفتەكانيشيان جياواز دەكات، بـەوەش شـێوازى چـارەسـەركردنيـشيان جيـاواز دەبێـت، زەرورەتــى گرتنـــەبـــەرى ناســـەنتراڵــى دەخـــولَقێنێ بـــۆ پێكهێنـــانى دامــەزراوەى ناوچــەيــى بــۆ ئــەوەى هــەر شــوێنەو بــەپێــى تايبەتمەندييـەكـانى ناوچـەكـەى خـۆى بـەرنامـەو پـلان بـۆ چارەسەركردنى كێشەكانى خۆى دابڕێژێت.

## ٣- ديموكراتيزەكردنى سستمى حوكمڕانى:

چەنـد سـستمى حـوكمڕانى رێگـە بـە دانيـشتوانى هـەر ناوچەيەكى خۆى بدات كاروبارى ناوچەكەى بەڕێوەببـات لـە رێگەى دامـەزراوە هەڵبژێردراوەكانييـەوە، لـە ديموكراتيـەت نزيك بێتەوە.

## مەرجەكانی پەیڕەوكردنی ناسەنتراڵ

١- بونی بەرژەوەندیی ناوچەیی كە خاوەنی كەسایەتی مەعنەوی خۆی بێت، ئەمە لەپاڵ ئەو دامەزراوانەی كە حكومەتی ناوەندی بۆیانی دەستەبەر دەكات، لێرەدا دەبێ حكومەتی ناوەندی ئەو دامەزراوە گشتییانە دیاری بكات كە دەكەوێتە ئەستۆی ناوەند ئەوانەی كە دەكەونە ئەستۆی دەسەڵاتو ئیدارەی پارێزگاكان.

٢- بونی ئەنجومەنی سەربەخۆی ئیداری لە پارێزگاو قەزاكان، دەبێ ئەو ئەنجومەنانە بە هەڵبژاردن دەستنیشان بكرێن.

٣- نابێ دەسەڵاتی ئیدارەی پارێزگاكان لەلایەن حكومەتی ناوەندییەوە چاودێری توند بكرێن، چونكە ناسەنتراڵ جۆرێك لە سەربەخۆیی بە پارێزگاكان دەدات، واتە دەسەڵاتی ناوچەیی ملكەچی چاودێری دەسەڵاتی ناوەندو نوێنەرانی ناوەند لە دەسەڵاتی پارێزگاكاندا دەبێت، بەڵام ئەو چاودێرییە نابێ زۆر توند بێت.

## شێوازو ئاستەكانی ناسەنتراڵ

چەمكی ناسەنتڕاڵ ئەو پرۆسە گشتییەیە كە بەهۆیەوە دەسەڵاتی سیاسیو جێبەجێكردن دەدرێنە ئاستەكانی خوارەوە لە پارێزگاكان، تیۆرزانەكانی ناسەنتراڵ ناسەنتراڵیان كردۆتە چوار بەشەوە بەپێی ئاستی گواستنەوەی ئەو دەسەڵاتو جۆری ئەو یەكە ئیدارییانەی كە

ناوەند دەسەڵاتەکانی خۆی لەگەڵیاندا بەش دەکات. ئەو شێوازانەش بریتین لە:

* **تەنازول**: واتا گواستنەوەی دەسەڵات لە ناوەندەوە بۆ دەسەڵاتە سەربەخۆو نیمچە سەربەخۆکانی پارێزگاو قەزاو ناحیەکان.

* **تەفویز**: گواستنەوەی بەرپرسیارێتیی ئیدارەو خزمەتگوزارییەکان بۆ دەسەڵاتو دامەزراوەکانی پارێزگاکانو قەزاکانو ناحیەکان.

کەمکردنەوەی ناوەندێتیی: وەکالەتی جێبەجێکردنی هەندێك لە بەرنامەکانی حکومەت بدرێنە ئاستەکانی خوارەوە لە پارێزگاو قەزاو ناحیەکان.

* **دابڕاندن (التجرید)**: گواستنەوەی خزمەتگوزاریی‌و دامەزراوە گشتییەکان بۆ کۆمپانیاو دامەزراوە تایبەتییەکان.

هەریەك لەم شێوازانەی ناسەنتراڵ بنەمای سیاسیی‌و داراییی‌و ئیداریی خۆی هەیە، چەند قەبارەو جۆری ئەو سەلاحیاتە ئیدارییانەی کە پەیوەندیی بە پرۆسەی جێبەجێکردنی ناسەنتراڵەوە هەیە کە بە یەکە ئیدارییەکانی پارێزگاکان دەدرێن گەورەو گرنگ بن، ئەوەندەش ناسەنتراڵەکە بەهێز دەبێت.

هێندێکی تر قەبارەو جۆری ئەو سەلاحیەتانەی هەریەك لە لایەنەکانی ئیدارەی گشتی دیاری کردوەو بە ئاستی ئەو ناسەنتراڵیەی نوێنەرایەتی دەکا، گرێی داوە:

-**ڕەهەندی شوێن**: پێکهێنانی یەکەی ناسەنتراڵی جوگرافی، ئەگەر ئەو مەسەلەیە بەپێی بەندەکانی دەستور

ئەنجام بدرێ ئەوا ئەو ناسەنتراڵە بەهێز دەبێت، بەڵام ئەگەر هاتووو ئەو مەسەلەیە بەپێی یاسا یان بەپێی بڕیارێکی ئیداری ئەنجام درا ئەوا ناسەنتراڵەکە لاواز دەبێت.

- **رەهەندی رێکخستن**: واتە دیاریکردنی ئاستی سەربەخۆبونی یەکە ئیدارییەکانی پارێزگاو قەزاو ناحیەکان لە داڕشتنی سستمی ناوخۆیی خۆیان چەندە، ئەگەر هاتووو ئەو یەکە ئیدارییانە سەربەخۆییەکی باشیان هەبێ، ئەوا ناسەنتراڵەکە بەهێز دەبێت. بەڵام ئەگەر هاتوو حکومەتی ناوەندی چوارچێوەیەکی گشتی بۆ پەیڕەوی ناخۆی دەسەلاتی ناوخۆیی پارێزگاکان داڕشت، ئەوا ناسەنتراڵەکە تارادەیەك بەهێزە، بەپێچەوانەشەوە، ئەگەر هاتووو حکومەتی ناوەندی پەیڕەوی ناوخۆی بۆ دەسەلاتەکانی پارێزگاو قەزاو ناحیەکان داڕشت ئەوا ناسەنتراڵەکە زۆر لاواز دەبێت.

- **رەهەندی دامەزراوەیی**: ئەگەر یەکە ئیدارییەکانی پارێزگاکان توانیان بینای دامەزراوەیی خۆیان وەك حکومەتەکان پێك بهێنن، وەك پەرلەمانو سستمی دادوەری سەربەخۆ، ئەوا ناسەنتراڵەکە بەهێزە، بەڵام ئەگەر هاتووو بەبێ بونی سستمی دادوەری هەموو دامەزراوەکانی تری هەبوو، ئەوا ناسەنتراڵەکە تارادەیەك بەهێزە، بەپێچەوانەشەوە ئەگەر هاتووو دەسەلاتەکانی پارێزگاکان تەنیا دەسەلاتێکی ئیداریو هیچیتر نەبون، ئەوا ناسەنتراڵەکە زۆر لاواز دەبێت.

- **دانانی بەرپرسان**: ئەگەر هاتووو دامەزراندنی بەرپرسانی یەکە ئیدارییەکانی پارێزگاکان بە هەڵبژاردن بوو، ئەوا ناسەنتراڵەکە بەهێزە، ئەگەر هاتووو ئەو بەرپرسانە بە رەزامەندی دەسەلاتی ناوەندی دانران ئەوا ناسەنتراڵەکە

تارادەیەك بەهێزە، بەڵام ئەگەر هاتوو ئەو بەرپرسانە لەلایەن دەسەڵاتی ناوەندییەوە دیاریکران، ئەوا ناسەنتراڵەکە لاوازە.

- **دیاریکردنی سەڵاحیەت:** ئەگەر سەڵاحیاتی یەکە ئیدارییەکانی پارێزگاکان لە رێگەی دەستورەوە دیاری کرابون، ئەوە ناسەنتراڵەکە بەهێزە، ئەگەر هاتووو ئەو سەڵاحییەتانە بەپێی یاسا دیاری کرابون ئەوا ناسەنتراڵەکە تارادەیەك بەهێزە، بەڵام ئەگەر هاتووو ئەو دیاریکردنە بەبڕیارێکی ئیداری بوو، ئەوا ناسەنتراڵەکە لاوازە.

- **سەلاحیەتی یاسادانان:** ئەگەر یەکە ئیدارییەکانی پارێزگاکان سەڵاحیەتی یاسادانانیان لە چەند بوارێکی دیاریکراودا هەبوو ئەوا ناسەنتراڵەکە بەهێزە، ئەگەر هاتووو ئەو سەڵاحیەتانە لە نێوان دامەزراوەکانی پارێزگاو ناوەندا بەش بو ئەوا تارادەیەك بەهێزە، بەڵام ئەگەر هاتووو دامەزراوەکانی پارێزگاکان هیچ سەڵاحیەتێکیان نەبوو ئەوا ناسەنتراڵ زۆر لاوازە.

- **سەپاندن و کۆکردنەوەی باج:** ئەگەر هاتوو دامەزراوەکانی پارێزگاکان لە سنورەکانی ئیدارەی خۆیاندا سەڵاحیاتی وەرگرتنی هەموو جۆرە باجەکانی حکومەتیان هەبوو ئەوا ناسەنتراڵەکە بەهێزە، ئەگەر هاتوو تەنیا سەڵاحیاتی وەرگرتنی باجی سنورەکەی خۆیانیان هەبوو، ئەوا ناسەنتراڵەکە تارادەیەك بەهێزە، بەڵام ئەگەر هاتوو هیچ سەڵاحیاتێکی وەرگرتنی باجیان نەبوو، ئەوا ناسەنتراڵەکە لاوازە.

- **سەلاحیاتی خەرجکردن:** ئەگەر هاتوو دامەزراوەکانی پارێزگاکان سەربەخۆیی خەرجکردنی بێ مەرجیان هەبوو، ئەوا ناسەنترالْ بەهێزە، ئەگەر سەربەخۆیی خەرجکردنیان بەپێی ئەو مەرجانە بوو کە دەسەلاتی ناوەندیی بۆیان دادەنێ، ناسەنترالْ تارادەیەك بەهێزە، بەلام ئەگەر هاتوو خەرجکردنەکە بە رەزامەندی دەسەلاتی ناوەندی بوو، ئەوا ناسەنترالْ لاواز دەبێت.

- **نوێنەرایەتیکردنی بەرژەوەندی پارێزگاکان لەسەر ئاستی نیشتیمانی:** ئەگەر بەرژەوەندی پارێزگاکان لەسەر ئاستی دامەزراوەیی بوو، بۆ نمونە لە پەرلەماندا، ناسەنترالْەکە بەهێزە، ئەگەر هاتووو نوێنەرایەتیەکە لە کەسێك یان چەند کەسێکدا کۆبوەوە، ئەوا ناسەنترالْەکە تارادەیەك بەهێزە، بەلام ئەگەر ئەو دوو حالْەتەی سەرەوە نەبوو، ئەوا ناسەنترالْەکە لاوازە.

## دووەم: گەشە پێدانی ناوچەیی

لە دوای جەنگی دووەمی جیهانییەوە، رۆڵی حکومەتەکان لە زۆربەی دەوڵەتانی جیهانی سێ لەپێشکەشکردنی خزمەتگوزارییە بنەڕەتییەکانی وەك خوێندنو تەندروستییو ئاوو کارەباو تۆڕەکانی گواستنەوەو گەیاندنو ... هتد زیادیکرد، ئەو زۆربونی بەرپرسیارێتییەی حکومەت بووە هۆی چڕبونەوەی دەسەڵاتەکانی دروستکردنی بڕیار لە بوارە جیاجیاکاندا لە دەست حکومەتی ناوەندیدا، ئەم چڕبونەوەی دەسەڵاتە بوە هۆی خولقاندنی چەندین کێشە لە پرۆسەی گەشەپێدانی ئابوریو کۆمەڵایەتیدا، لەوانە: فراوانبونی جیاوازییە ئابوریو کۆمەڵایەتییەکانی نێوان هەرێمو پارێزگاکانو قەزاکاندا، ئەم لارسەنگییە وای کرد کە بەشێکی زۆری دانیشتوانی ئەو ناوچانە بەبڕیارو هەنگاوەکانی حکومەتی ناوەندی بۆ گەشەپێدانی ناوچەکانیان قایل نەبن، چونکە ئەو بڕیارو هەنگاوانەی حکومەتی ناوەندی لەگەڵ پێداویستیی چارەسەرکردنی کێشەو بەرژەوەندییە هەمەجۆرەکانی دانیشتوانی ئەو هەرێمو پارێزگاو قەزایانەدا نەدەهاتەوە.

### ١- لە گەشە پێدانی وڵاتەوە بۆ گەشە پێدانی هەرێم و پارێزگاکان:

لە ماوەی ئەم چەند دەیەی دواییدا، بوارو چەمکی گەشەپێدان پەرەسەندێکی گەورەی بەخۆوە بینیوە، لەگەڵ زاراوەی گەشەپێدانی ئابوریدا، چەندین زاراوەی تر

پەیدابووە، لەوانە، گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی، گەشەپێدانی مرۆیی، گەشەپێدانی مرۆیی بەردەوام، لەلایەکی تریشەوە گوتاری گەشەپێدانیش بەهەمان شێوە پەرەی سەند بە ئاراستەی دیاریکردنی چوارچێوەی گەشەپێدان، وەك گەشەپێدانی نیشتیمانی، گەشەپێدانی ئیقلیمیو گەشەپێدانی ناوچەیی، وەك تێبینی دەکرێ پەرەسەندنەکان بەرەو تەسککردنەوەی چوارچێوەی پرۆسەی گەشەپێدان دەچێت.

تا بەر لە هەڵایسانی جەنگی جیهانی دووەمی لە دەوڵەتانی پیشەسازی تا سەرەتای شەستەکان لە زۆرینەی دەوڵەتانی جیهانی سێ لەسەر ئاستی نیشتیمانی باس لە مەسەلەی گەشەپێدان کرا، بەڵام لە سەرەتای شەستەکان وحەفتاکانیشدا بەهۆی زیادبونی هەستکردن بە بونی جیاوازی ئیقلیمیو ناوچەیی، ئەو پرسە تەواوی دەوڵەتانی پیشەسازییو دەوڵەتانی جیهانی سێی گرتەوە، وەلێ ئەم پرسە لەگەڵ سەرەتای هەشتاکاندا خرایەڕوو.

لەسەرەتای هەشتاکاندا، ئاراستەی گەشەپێدان بەئاقاری ناوچەیدا بوو، هەموو توێژەکانی کۆمەڵ تێیدا بەشداریکردوو، وەڵامی پێداویستییەکانی دانیشتوانی ناوچەکەی دەدایەوە، ئەمە جگە لەوەی چەندین ناوەندی ناوچەیی بۆ باشتر بەگەڕخستنی دەرامەتە سروشتییو مرۆییەکان کرایەوە. لەگەڵیشیدا، بایەخ بە گەشەپێدانی گوندەکان دراو پەیکەری ئیداری بە شێویەك گۆڕا بۆ ئەوەی لەگەڵ ناسەنتراڵیدا بگونجێو دەسەڵاتی فراوانتر بە دامەزراوە ئیدارییە ناوخۆییەکان درا.

زیاتر لە دوو دەیەیە ڕێکخراوە نا حکومییەکان لە ڕێگەی بەرنامەکانی گەشەپێدانی ناوخۆییەوە بۆ جێگیرکردنی دانیشتوانی ناوچەکانو پاراستنی ژینگەو ڕەخساندنی بواری لەبارو پشتگیریی بەرنامەکانی حکومەتی ناوەندی بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی ناوچە هەژارەکانو دورە دەستەکان، هەوڵی چەسپاندنی گرنگیی پرۆسەی گەشەپێدانی ناوچەییان داوە. ئەو ڕێکخراوانە بە پشتبەستن بە دیدی نیشتیمانییو هەندێك جاریش بە دیدی دەرەکی و بەشدارییپێکردنی دانیشتوانی ناوچەکانو ئەوانەی لەو پرۆژانە سودمەند دەبن، هەوڵی بنیاتنانی بنەماکانی کۆمەڵی مەدەنیو دیموکراتیەت دەدەن، بەحوکمی پەیوەندیی ئەو ڕێکخراوانە بە ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکانەوە، دیدو بەرنامەکانی خۆیان بە پشتبەستن بە تەمویلو ڕێنمایی ئەو ڕێکخراوانە جێبەجێ بکەن، ئەو ڕێکخراوە نا حکومییانە لە ڕێگەی ئەو پرۆژانەی لەپارێزگاو ناوچەکان دەیەوێ ئەو وڵاتانە (جیهانی سێ) بە تۆڕی جیهانییەوە ببەستێتەوە.

## ٢- چەمكو ئامانجەكانی گەشە پێدانی ناوخۆیی

گەشەپێدانی ناوچەیی چەمکێکی تازەی شێوازی کارکردنی کۆمەڵایەتییو ئابورییە لە ناوچەیەکی دیاریکراودا، کە لەسەر بنەماو ڕێسای زانستی کۆمەڵایەتییو ئابوری دامەزراوە، ئەم شێوازە لەسەر بنەمای ئەنجامدانی گۆڕانی ژیاریی لە شێوەی بیرکردنەوەو کارکردن دامەزراوە، لە ڕێگەی وروژاندنی هوشیاریی

ژینگەی پارێزگاکانو ناوچەکان، دەبێ ئەو هوشیارییە لەسەر بنەمای هاوبەشیکردن بێ لە بیرکردنەوەو ئامادەکردنو جێبەجێکردن کە لەلایەن ئاستە جیاوازەکانی خەڵکانی ئەو پارێزگا یان ئەو ناوچەیەوە بێت. هێندێکی تر پێیان وایە، گەشەپێدانی ناوچەیی بزاوتێکە بەئامانجی باشترکردنی ژیانو گوزەرانی تەواوی کۆمەڵە لەسەر بنەمای بەشداریکردنی ئیجابیانەی ئەندامانی ئەو کۆمەڵەو ئەو دەستپێشخەرییانەی دەیکەن، ئەگەر دەستپێشخەرییان نەبوو، ئەوکات پەنا دەبرێتە بەر ئەو هۆکارە مەنهەجیانە بۆ وروژاندنو ژیاندنەوەی دەستپێشخەری بەشێوەیەك کە بە پەرۆشەوە وەڵامی ئەو بزاوتە بدەنەوە. واتا گەشەپێدانی ناوچەیی ئەو بزاوتەیە کە کەرتی گشتییو کەرتی تایبەتییو ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی پێکەوە کار بۆ ڕەخساندنی هەولومەرجو ژینگەیەکی لەبار بۆ گەشەکردنی ئابوریيو کۆمەڵایەتی ناوچەکەیانو بەرزکردنەوەی ئاستی ژیانو گوزەرانی هاوڵاتیانیان دەکەن. بەشێوەیەکی تر، حکومەتی ناوچەیی ڕۆڵێکی بنەڕەتی لە ڕەخساندنی هەلومەرجی گونجاو هەیە بۆ سەرخستنی چالاکییە ئابوریيو کۆمەڵایەتیو فەرهەنگییەکانو خولقاندنی دەرفەتی کار بۆ دانیشتوانەکەی، کەواتا، گەشەپێدانی ناوچەیی بریتییە لەو شەراکەتەی کە لە نێوان حکومەتی ناوچەکەو کەرتی تایبەتو کۆمەڵی مەدەنی ناوچەکە دروست دەبێت.

دەرکەوتنی چەمکی گەشەپێدانی ناوچەیی هاوکات بوو لەگەڵ بایەخدانی زیاتر بە کۆمەڵی ناوچەیی، بەوەی کە هۆکاری هێنانەدی گەشەپێدانی تەواوی وڵاتە، چونکە

بایەخی هەوڵو بەشداریکردنی جەماوەریی لەرێگەی هاوبەشیکردنی دانیشتوانی پارێزگاو ناوچەکان لەدارشتنو جێبەجێکردنی بەرنامەکاندا له هەوڵەکانی حکومەت کەمتر نین له هێنانەدی ئامانجەکانی پرۆسەی گەشەپێدان، ئەم رەوشەش دەخوازێ هەولەکانی کۆمەڵی ناوچەیی و حکومەتی ناوەندی تەواوکەری یەکدی بن بۆ باشترکردنو بەرزکردنەوەی ئاستی ژیانی ئابووریی و کۆمەڵایەتیی و رۆشنبیری کۆمەڵی ناوچەییو بکرێتە بەشێکی تەواوکاری پرۆسەی گەشەپێدانی نیشتیمانی.

پرۆسەی گەشەپێدانی ناوچەیی لەو بیرۆکە بنەرەتییەوە هەنگاوی نا کە ئاراستەی گەشەپێدانی نیشتیمانیو زانیاریو پرۆژە تەقلیدییەکانی پشتگوێ خستبوو، بەدرێژایی چەندین سەدە ئەو کۆمەڵە ناوچەییانە بەدەستیان هێنابوو، لەبەر ئەوە ئەو زانیاریو پرۆژە تەقلیدیانە بۆ رێکخراوەکانی نا حکومیی و نێودەوڵەتییەکان بونە سەرچاوەی کاری گەشەپێدان، بەو ئیعتبارەی کەدەکرێ پەرەیان پێ بدرێت، بەوەی کە کۆمەڵی محەلی کۆمەڵێکی داخراو نییە، بەڵکو بەردەوام لەگۆڕاندایەو توانای خۆگونجاندنی لەگەڵ هەلومەرجو گۆڕانکارییە تازەکاندا هەیە. لەم رووەوە دەکرێ ئیعتبار بۆ شێوە چارەسەرکردنە پزیشکییەکانی کۆنو شێوەکانی بەکارهێنانی کەرەستەی دارستانەکانو ئاودێرانو کشتوکاڵی بگەڕێنینەوە.

گەشەپێدانی ناوچەیی لەسەر دوو خاڵی سەرەکی دامەزراوە:

- بەشداریپێکردنی خەڵك لەهەموو هەوڵەکانی گەشەپێداندا، بەشداریپێکردنی دانیشتوانی پارێزگا وناوچەکان دەبێتە فاکتەری بەهێز بۆ باشتر سەرخستنی ئەو بەرنامەو پرۆژانەی لە چوارچێوەی پرۆسەی گەشەپێدانی ناوچەکانیان ئەنجام دەدرێت، بەو ئیعتبارەی کە راستەوخۆ پەیوەندیی بەباشترکردنی ژیانو گوزەرانی خۆیانەوە هەیە، ئەوکات توانای دەستپێشخەریشیان بۆ پەرەدان بەو پرۆژەو بەرنامانە زیاتر دەبێت.
- رەخساندنی خزمەتگوزاریی بۆ جێبەجێکردنی پرۆژەکانی گەشەپێدانی ناوچەیی، دەبێتە هۆی ئەوەی دانیشتوانی پارێزگاو ناوچەکان بۆ سەرخستنی ئەو پرۆسەیە پشت بە بەشداریکردنی خۆیان ببەستن.

## ئامانجەکانی پرۆسەی گەشەپێدانی ناوچەیی:

- پەرەدان بە ژێرخانی ئابوری وەك ئاوو کارەباو گواستنەوەو گەیاندنو سوتەمەنی، پەرەسەندنی ئەو بووارانە بنەمای سەرەکی پرۆسەی گەشەپێدانو پەرەپێدانی کۆمەڵێ ناوچەیین.
- زیادکردنی هاوکارییو بەشداری پێکردنی دانیشتوان لە دارشتنی بەرنامەکانو جێبەجێکردنیدا، هاوولاتیان لەو حاڵەتی لاموبالاتە دەگۆڕێ بۆ کەسێکی ئەکتیڤو بەشدار لە پرۆسەی بنیاتنانی هەرێمو پارێزگاکەی خۆیدا.

- لەبەر ئـەوەی دانیـشتوانی ناوچـەکـە بـەشـێکن لـە داڕێژەرو جێبەجێکاری ئەو پرۆسەیـە بـە هـەمـوو شـێویەك پارێزگاریی‌و هەوڵی سەرخستنی بەرنامەکە دەدەن.

کــەواتــا گــەشــەپێــدانی ناوچــەیــی پرنــسیپی بـەشـداریپێکردنی دانیـشتوانی هـەرێـم‌و پارێزگاکـان لـە دروستکردنی بڕیارو جێبەجێکردنی بەئامـانجی هێنانـەدی دیموکراتیەتی گەشەپێدانی ناوچەیی دەچەسـپێنێت. لـەبـەر ئەوە روانگەی گەشەپێدانی ناوچەیی پرنـسیپی لـەخـوارەوە بینـاکردن پیـادە دەکـات. واتـا گـەشـەدان بـە کۆمـەڵـە ناوچەییەکان خاڵی سەرەکی گەشەپێـدانی تـەواوی کۆمـەڵ دەبێـت. کـەواتـا ناسـەنتراڵی چـۆن دەتـوانی ئـەو ئامانجـە بپێکێت؟.

## سێهەم: رۆڵی ناسەنتراڵی لە گەشەپێدانی کۆمەڵی ناوچەیی دا:

هەروەك پێشتر ئاماژەی بۆ کرا، ناسەنتراڵ ئەو حاڵەتەیە کە مافی بەشدارپێکردنی هەرێم و پارێزگاکان لە دروستکردنی بڕیاردا دەرەخسێنێت، بەبێ سڕینەوەی مافی ناوەند لە بڕیاردانەدا، کەواتا ناسەنتراڵی، شێوازیکی کارکردنە کە لەسەر بنەمای دابەشکردنی دەسەڵاتی دروستکردنی بڕیارو سەڵاحیاتی نێوان دەسەڵاتی ناوەندیی و دەسەڵاتی هەرێم و پارێزگاکان دامەزراوە. بەشێوەیەکی تر، ناسەنتراڵی ئیداری ئەکتیڤ کردنی رۆڵی دەسەڵاتی هەرێم و پارێزگاکانە لە رێگەی پێدانی ئەرکی ئیدارەدانی پرۆسەی گەشەپێدانی ناوچەکانیان، هەروەها دەبێتە هۆی زیادبونی رۆڵیان لە گرتنە ئەستۆی بەرپرسیارێتیی و سەڵاحیەتەکان بە جۆرێك کە ببێتە هۆی بەشداریپێکردنی خەڵکی لە پرۆسەی گەشەپێدانی ناوچەکەیان کە دەبێتە فاکتەری سەرکەوتنی ئەو پرۆسەیە بە شێوەیەکی باشتر.

**١) ناسەنتراڵی چوارچێوەیەکی گونجاوە بۆ پلاندانان و جێبەجێکردنی پرۆسەی گەشەپێدان.**

لایەنی ئیداری لە پرۆسەی ئامادەکردن و جێبەجیکردن و چاودێریکردنی پلانی گەشەپێدان بەگشتیی و گەشەپێدانی ناوچەیی، مەسەلەیەکی زۆر بنەڕەتی و پێویستە بۆ پێکانی ئامانجەکانی ئەو پلان و پرۆسەی گەشەپێدانە، چونکە بەشێکی گەورەی شکستی پلانەکان و پرۆسەکانی گەشەپێدان لە چەندین وڵاتی جیهان، بەتایبەتیش لە

لادێکانیاندا، بۆ ئەو شێوازە ئیدارییانەی لە ئیدارەدانی پلانو جێبەجێکردنی پرۆسەی گەشەپێداندا پەیڕەو دەکرا، نەك بۆ کەموکورتی ناوەرۆکی خودی پلانو پرۆسەکە.

ئیدارە گرنگیی پلانی ناوەندی بە بەراورد بەپلانی کەرتەکان بەشێوەیەکی بەرچاو دەردەخاتو تاکە هۆکارە کە دەکرێ لێوەی ئامانجە کەرتییەکان (القطاعیة) بخاتە نێو چوارچێوەیەکی گشتییەوە، بۆ ئەوەی وەك ستراتیجێکی گەشەپێدانی ناوچەیی ڕێگە بە بەشداری پێکردنی هاولاتیانی ناوچەکە بدات، بە مەرجێك تەواوکاریی نێوان دامەزراوەو دەستە دیاریکراوەکان لە ئامادەکردنو جێبەجێکردنی پلانی گەشەپێدانی ناوچەیدا زامن بکات. لەبەر ئەوە دەبێ داڕێژەرانی پلانی فەرمی لە هەرێمو پارێزگاکان ئەو دەسەڵاتو کەفائەتە ئیدارییەیان هەبێت بۆ ئەوەی بتوانن بەباشترین شێواز ئەرکەکانی خۆیان بەجێ بهێنن.

پرۆسەی پلاندانان لە سایەی ئیدارەی لامەرکەزیدا، دەبێ بایەخ بە رۆڵی هاووڵاتیانو ئەوانەی لەو پلانە دەبنە ئامانج لە دانانو جێبەجێکردنی پلانەکەدا بدات، ئەم جۆرە پلاندانانە پێی دەگوترێت پلاندانان لە ئاسەتەکانی خوارەوە، داڕشتنی پلانو بنیاتنان لە ئاستەکانی خوارەوە یەك لە پرنسیپە سەرەکییەکانی گەشەپێدانی سەرکەوتوو دەستەبەر دەکات کە پتەوکردنی ئازادییە، بەڵام نەك تەنیا بە چەمکە سیاسییەکەی بەڵکو بە چەمکی ئینسانی، دەرفەتی گەورەکردنی تواناکانی مرۆڤ لە هەڵبژاردندا زیاتر دەکات.

پلانـدانان لـە ئاسـتەکـانی خـوارەوە باشـتر دەتـوانیٚ ئامانجـەکـانی گـەشـەپێـدانی ناوچـەیـی دیـاری بکـات کـە رەنگدانەوەی تایبەتمەندیی ئەو ناوچـەیـە دیـاری دەکـات کـە پلانەکەی بۆ دادەنرێت، دەبیٚ دان بەوەدا بنرێت کە بەردەوام جیـاوازی زۆر لـە نێـوان ئامانجـەکـانی ئـەو پلانـەی بـۆ گەشەپێدانی ناوچەیی کە لەلایـەن دەسـتەو دامـەزراوەکـانی ناوچـەییـەوە دادەنـرێنو ئـەو ئامانجانـەی کـە دەسـتەو دامەزراوەکانی ناوەند بۆ گەشەپێدانی ناوچەیی دایـدەنێـت، دەبیٚ ئەوەی یەکەم تەواوکـاری دووەم بـیٚو نـابیٚ پێـچەوانـەو لەگەڵ دووەمدا نەیەتەوە.

باش جێبەجێکردنی ئیدارەی لامەرکەزی لـە بـوارەکـانی پلاندانانو پرۆسەی گەشـەپێـدانی ناوچـەیـدا، هـەنگـاوێکی ئیجابیانەیە بۆ ئەوەی بەرنامەکانی گەشـەپێـدانی ناوچـەیـی لەگەڵ پێداویستییو خواستەکانی دانیشتوانی ئەو هەرێمەدا بێتەوە، بە حوکمی ئەوەی دانیشتوانی ئەو هەرێمـە یـان ئـەو پارێزگایە لە پرۆسەی ئامادەکردنو جێبـەجێکردنـی پلانـی گـەشـەپێـدانی ناوچـەکانیانـدا بـەشـدارییان کـردووە، ئـەم هـەنگـاوە دەرفـەتێکـی گونجـاوو لـەبـار بـۆ سـەرکـەوتـنی پلانەکانی گەشەپێدانی نیشتیمانی دەڕەخسێنیٚ بۆ ئەوەی بە هاوسـەنگـی ئامانجـەکـانی خـۆی بـەدیبهێنێـت و ژیـانێکی بەختەوەر بۆ دانیشتوانی هەموو هەرێـمو پارێزگاکـانی نـاو وڵات زامن بکات، لەلایەکی ترەوە ئەم سەرکـەوتنـە دەبێتـە خولٚقێنەری هاوسـەنگیـی ناوچـەیـیو جیاوازییـە ئـابوورییو کۆمـەڵایـەتییـەکـانی نێوانیـان کـەم دەکاتـەوە، ئـەم سـەرکـەوتنـەش بـەنـدە بـەوەی کـە تاچـەنـد دەسـەڵاتـی

دروستکردنی بڕیار لە نێوان ناوەندو هەرێمو پارێزگاکاندا بەش دەکرێت، ئەمەش لە سۆنگەی ئەوەی کە دابەشکردنی سەرمایەگوزاریی و دەرامەتەکانی ناو وڵات پەیوەندییەکی پتەوی لەگەڵ دابەشکردنی دەسەڵاتی دروستکردنی بڕیاردا هەیە.

**٢) ناسەنتراڵیی و فراوانکردنی ئەگەری بەشداریپێکردن و دیموکراتیەتی هەرێم و پارێزگاکان:**

زۆرێك لە شارەزایانی یاسای ئیداری پێیان وایە کە ناستراڵی تەنیا شێوازێکی ئیداری نیە، بەڵکو شێوەیەکە لەشێوەکانی دەسەڵات، بەو ئیعتبارەی کە پەیوەندییەکی توندوتۆڵی لەگەڵ شێوازی حوکمڕانیی و ئاستی چڕبونی دەسەڵات و شێوازی ئەو پەیوەندییانەی کە لەنێوان دەوڵەت و کۆمەڵدا هەیە.

پیادەکردنی ئیدارەی ناسەنتراڵ ،ئیدارەی حوکمڕانیی باشتر دەکا لەرێگەی جەختکردنە سەر لێپێچینەوەو بەشداریپێکردن و شەفافیەتەوە، ئەمەیش وای کرد زۆرێك لە دەوڵەتانی دنیای سێ بۆ بنیاتنانی توانا ئیداریی و دامەزراوەکانی ئەم سستمە پەیڕەوی بکەن . بەرنامەی گەشەپێدانی نەتەوە یەکگرتوەکان دوپاتی دەکاتەوە کە ئیدارەی حوکمڕانی باش بەشداریکردنی دەوڵەت و رێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی و کەرتی تایبەتی پێوستن، لەبەر ئەوەی بەبێ بەشداریپێکردنی ئاستەکانی خوارەوە بۆ ئاستەکانی سەرەوە، دامەزراوەکانی حوکمی ناوچەیی ناتوانێ سەرکەوتن بەدەست بهێنێت لە دوبارە ئیدارەدانی

خزمەتگوزارییە گشتییەکانو ئامانجەکانی پرۆسەی گەشەپێدانی ناوچەیی بپێکێت.

چەند سنوری جوگرافی کۆمەڵ بچوکتر بوو، توانای بەشداریکردنی دانیشتوان ئەکتیڤتر دەبێو ئەگەری پشتگوێخستنی هەرێمو پارێزگاکان دەرئەنجامی زاڵبونی ناوەند کەمتر دەبێتەوە، ئەمەش یەکێکە لە نەخۆشییەکانی پرۆسەی حوکمڕانی لە چەشنی ولاتەکەی خۆمان. ئیدارەی ناسەنتراڵیی دەرفەتی زیاتر بۆ بەشدارییپێکردنی دانیشتوانو هاوبەشیکردنیان لە پرۆسەی دروستکردنی بڕیار دەڕەخسێنێت.

لە سستمی حوکمی دیموکراتیدا ئیدارەی هەرێمو پارێزگاکان دەبێتە گۆڕەپانێك بۆ دەرکەوتنی تواناکانی بەشداریکردنو هاوبەشیکردن لە بوارە جیاجیاکانی حوکمڕانیداو، ئەو کەسانەش دەردەکەون کە توانای بەشداریکردنیان لە ئیدارەی ناوەندیدا هەیە، پرۆسەی دروستکردنی بڕیار لە هەرێمو پارێزگاکان بە حوکمی بەشدارییپێکردنی دانیشتوانی ناوچەکە لەو پرۆسەیەدا، وەك ڕەهەندێکی دیموکراتیەتی ناوچەیی تەماشا دەکرێو بەیەك لە ئاماژە بنەڕەتییەکانی سامپڵی حوکمی باش دادەنرێت .

بیرۆکەی سەرەکی ناسەنتراڵ، لەوەدا کۆبۆتەوە کە دەبێ بڕیارەکان تا بکرێ لەو دەسەلاتانەوە دەربکرێ کە زیاتر لە خەڵکییەوە نزیکن، بەوەی کە دانیشتوانی ئەو ناوچە دیاریکراوانە مافو بەرپرسیارێتی بڕیاردانیان هەیە سەبارەت بەو پرسانەی کە ڕاستەوخۆ کاریگەرییان لەسەریان هەیەو دەتوانن بڕیاری لەسەر بدەن.

دامەزراوەکانی حوکمی ناوچەیی دەتوانیٚ زیاتر خۆی لەگەڵ هەلومەرج و ڕەوشی هەرێم و پارێزگاکاندا بگونجێنیٚ و ئەکتیڤتر کارەکانی بەڕێوە ببات، بەڕێوەبەرانی ئیدارەی هەرێم و پارێزگاکان دەتوانن بوارێکی فراوانتر و ئاسانتر بۆ خزمەتکردنی دانیشتوانی ناوچەکانی خۆیان بڕەخسێنن، لەبەرامبەریشدا ئەوان بەئاسانی دەگەنە دامەزراوەکانیان و لە کێشەو داخوازییەکانی خۆیان ئاگاداریان دەکەنەوە.

شارەوانییەکان باشترین دامەزراوەیە کە پرۆسەی هاوکاریی و هاریکاریکردن بەرجەستە دەکات، هەر لەپەیوەندیی ڕاستەوخۆی بە خەڵکی و بە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی و حزبە سیاسییەکانەوە، لەچوارچێوەیەکدا کە لەیەك کاتدا زامنی دیموکراتیەت و بەشداریکردن دەکات. بەشداریکردنی خەڵك بۆ لێپێچینەوە لە دامەزراوەکانی هەرێم و پارێزگاکان و وەڵامدانەوەی پێداویستییەکانی کۆمەڵی مەدەنی ئەرکێکی پێویستە.

پیادەکردنی ئیدارەی ناسەنتراڵ، ناتوانیٚ چارەسەری هەموو کێشەکانی پرۆسەی گەشەپێدانی هەرێم و پارێزگاکان بکات، بەڵکو ڕووبەڕوی کۆمەڵێك بەرەنگاربوونەوە دەبێتەوە.

## ٣) ئاستەنگەکانی جێبەجێکردنی سیاسەتی ناسەنتراڵ:

ناسەنتراڵ بەتەنیا ناتوانیٚ ئیدارەیەکی باش زامن بکات، ئەگەر هاتوو بەشێوازێکی باش و گونجاو جێبەجیٚ نەکریٚ ،لەبری ئەوەی ئیجابی بیٚ زیانی زیاتر دەبێت، لەبەر ئەوە بۆ

زامنکردنی ئەکتیف بوونی دامەزراوەکان پارێزگاکان دەبێ سیاسەتی ناسەنتراڵ بە وردی جێبەجێ بکەن.

هێندێك جار ناسەنتراڵ گونجاو نییەو، دەبێتە هۆی لاوازکردنی جۆری ئیدارەی حوکمڕانی، لە دەوڵەتە بچوکەکاندا، لەبری دروستکردنی چەند پەیکەرێکی ئیداری سەربەخۆ، حوکمی سەنتراڵی لەرێگەی هەماهەنگیی کاری حکومەتی سەنتراڵی ئەکتیڤتر دەبێت، رەنگە ناسەنتراڵی زیان لە قەبارەی داهاتەکان بدات‌و ناجێگیری لەسەر ئاستی ئابوریی هەمووەکی بخولقێنێت. هەروەها ناسەنتراڵی باج داهاتە سەنتراڵەکان دادەچۆڕێ ،کاتێك کە حکومەتی سەنتراڵی نەتوانێت خەرجییە گشتییەکانی خۆی رێك بخات. رەنگە ئیدارە ناوچەییەکان وەك حکومەتی سەنتراڵی خاوەن ئەزمون نەبن‌و کەسانی شارەزاو پسپۆریان لە بوارە جیاجیاکاندا نەبێت.

هەندێك جاریش جێبەجێکردنی ناسەنتراڵی بەبێ رەچاوکردنی وردی ناسەنتراڵی باج، دەبێتە هۆی لەباربردنی هەوڵەکانی چاکسازی، بەبێ کۆنترۆڵکردنی داهات‌و بودجەی پارێزگاکان لەلایەن دامەزراوەکانی حوکمڕانی ناوچەییەوە ناتوانن بەسەربەخۆیی کارەکانی خۆیان ئەنجام بدەن، چونکە داهاتەکانی پارێزگا توانایەکی دارایی دەخولقێنێ کە دەکرێ دوبارە بۆ بەرنامەکانی پەرەپێدانی ژێرخانی ئابوریی‌و کەرتە بەرهەمهێن‌و خزمەتگوزارییەکان خەرج بکرێتەوە.

مەرج نییە ناسەنتراڵ لە هەموو ولاتانی دنیادا سەرکەوتن بەدەستبهێنێ، رادەی سەرکەوتن‌و شکستهێنانی

**گرتنەبەری بەندە بەوەی کەتاچەند بەرپرسانی بەڕێوەبردنی ئەو سستمە دەتوانن پێداویستیو خواستەکانی دانیشتوانی سنوری دەسەڵاتەکانیان دابین بکەن، لەلایەکی تریشەوە تاچەند دەتوانن دانیشتوان لە پرۆسەی دروستکردنی بڕیارو دارِشتنی پلانو بەرنامەو جێبەجێکردنو چاودێریکردنو لێپێچینەوەدا بەشداری پێ بکەنو رۆڵێکی دیارو بەرچاو بە رێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنییو میدیاکان بدەن، بۆ ئەوەی بەدواداچون بۆ کاروباری ئیدارەی ناسەنتراڵ بکەن.**

## چوارەم: ناسەنترالی لە عیراق و هەرێمی کوردستان

دەوڵەتی عیراق لە دامەزراندنیەوە تا ئێستا چەندین جۆری حوکمڕانی بەخۆوە بینیوە، هەموو ئەو جۆرە حوکمرانیانە پیادەی ناسەنترالّییان کردوە، هەندێك لە دەستورەکانی عیراق بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری وڵات باسیان لە حوکمی ناسەنترالّی کردوە(دەستوری ١٩٦٨، دەستوری ١٩٧٠). بەڵام ئەو دەقانە تەنیا مەرەکەبی سەر کاغەز بونو بەهیچ جۆرێك کاریان پیّ نەکرا. دوای پرۆسەی رزگارکردنی عیراق لەلایەن ئەمریکاوە، سستمی حوکمڕانی بۆ ناسەنترالّی ئیداری گۆڕاو سەلاحیات بە هەرێمو ئەو پارێزگایانەی کە لەناو هەرێمدا نین درا (دەستوری ٢٠٠٥).

لە عیراق، چەندین یاساو تەشریعات بۆ چۆنیەتی بەڕێوەبردنی عیراق دەرچونە، کە بۆ ئیدارەدانی یەکە ئیدارییەکانی وەك (پارێزگا، قەزا، ناحیە، گوند) دووپاتی پەیڕەوکردنی ناسەنتڕالّی دەکاتەوە، لێرەدا هەوڵدەدەین، بیانخەینەروو:

### یاسای پارێزگاکانی ژمارە ١٥٩ی ساڵی ١٩٦٩

یاسای پارێزگاکان هەر لە دەرچونییەوە تاوەکو ساڵی ٢٠٠٣ لە عیراق کاری پێکرا، ئامانجی سەرەکی ئەو یاسایە گرتنەبەری ناسەنتڕالّی ئیداری بووە لە هەندێك بواردا، کە حکومەتی ناوەندی بەو یەکە ئیداریانەی دەسپێردرێت کە بەپێی ئەو یاسایە پێکدەهێنرێن، بەپێی ئەو یاسایە دەستەیەك بۆ دابەشکردنی ئەرکەکان بەسەر ئیدارە

ناوچەییەکاندا پێکهێنرا، کاری ئەو دەستەیە پێدانی سەلاحیات بوو بە ئەنجومەنی ئەو یەکە ئیدارییانە، ئەو دەستەیە ناوی (دەستەی باڵای ئیدارەی ناوچەکان) بوو.

## دەستوری کاتیی عیراق ساڵی ۱۹۷۰

هەندێك لە بڕگەکانی ئەم دەستورە لەپێناو هێنانەدی ئامانجەکانی گەشەپێدانو پێشکەوتنی وڵاتدا پێداگری لەسەر پەیڕەوکردنی سستمی ناسەنتراڵی دەکات، بەشی یەکەمی دەستور لە مادەی (٨ - ب) دا هاتووە (کۆماری عیراق بەسەر چەند یەکەیەکی ئیداریدا دابەش بووە، لەسەر بنەمای ناسەنتراڵی ڕێکدەخرێن)و مادەی (١٣)یشی دەڵێ (سامانە سروشتییەکانی وڵات، ڕاستەوخۆ لەلایەن حکومەتی ناوەندییەوە بەپلانی گشتیی و بەپێی پێداویستییەکانی ئابوریی نیشتیمانی بەگەڕ دەخرێن)، ئەم بڕگەیە بەڕونی ئەوە دەردەخات کە حکومەتی ناوەندی پرۆسەی بەگەڕخستنی سامانی سروشتی لە دەست خۆیدا هێشتۆتەوە بۆ ئەوەی تەواوی داهاتەکان لای خۆی گلبداتەوەو یەکە ئیدارییەکانی وڵات لە پرۆسەی وەبەرهێنانو پلاندانانیش بێبەش بکات. لەمەوە دەردەکەوێ، کە لەگەڵ ئەوەی دەستوری عیراق باس لە ناسەنتراڵی دەکات، بەڵام لە هەمان کاتدا تەواوی دەسەڵاتەکانی لای ناوەند هێشتۆتەوە.

**یاسای ئیدارەی دەوڵەتی عیراق بۆ قۆناغی گواستنەوە ٢٠٠٣**

یاسای ئیدارەی دەوڵەتی عیراق لە ٣١-١٢-٢٠٠٣ دەرچووە، ئەم یاسایە تا ئەوکاتە بەر دەکات کە لە سایەی دەستورێکی هەمیشەیدا حکومەتێکی نیشتیمانیی هەڵبژێردراو پێکبهێنرێت، چەندین مادەی ئەم یاسایە بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری وڵات پێ لەسەر سستمی ناسەنتراڵی دادەگرێت. لەوانە (سستمی حوکمڕانی لە عیراق کۆماری، یەکێتیی فیدراڵی، دیموکراتیی فرەیی، دەسەڵات لە نێوان حکومەتی فیدراڵیو حکومەتە ئیقلیمییو پارێزگاو شارەوانییو یەکە ناوچەییەکاندا دابەش دەکرێت).

(بە گوزارشت لە سەروەریی عیراقو ئیرادە ئازادەکەی، نوێنەرەکانی هەڵدەستن بە پێکهێنانی پەیکەری حکومەتەکانی دەوڵەتی عیراق. دەبێ حکومەتی ئینتقالی عیراقو حکومەتکانی هەرێمو پارێزگاکانو شارەوانییەکانو ئیدارە ناوچەییەکان ڕێز لە مافەکانی گەلی عێراق بگرن). هەروەها بڕگەی (ج) مادەی (١٤) دەڵێ (......، یەکەکانی هەرێمەکانو ئیدارەی پارێزگاکان بە هەرێمی کوردستانیشەوە لەسەر بنەمای ناسەنتراڵی ڕێکدەخرێنو دەسەڵات بە ئیدارەی شارەوانیو ناوچەییەکان دەدرێن).

## فەرمانی دەسەڵاتی ئیئتلاف ژمارە ٧١ ساڵی ٢٠٠٤ (دەسەڵاتی ناوچەیی)

دەسەڵاتی ئیئتلاف دوپاتی کردەوە کە سستمی حوکمڕانی لە عیراق سستمێکی کۆماریی، فیدراڵیی، دیموکراتیو فرەییەو، دەسەڵات لە نێوان حکومەتە فیدرالییو پارێزگاو شارەوانییو ئیدارە ناوچەییەکان بەش دەکرێت، هەرێمو پارێزگاکان لەسەر بنەمای ناسەنتراڵی رێکدەخرێنو دەسەڵات بۆ حکومەتە ناوچەییو شارەوانییەکان فەراهەم دەکرێت.

هەروەها ئەو یاسایە دوپاتی دەکاتەوە کە هەرێمو پارێزگاکان بۆیان هەیە ئەنجومەنەکانی خۆیان پێکبهێننو پارێزگار بۆ خۆیان هەڵبژێرن، دەسەڵاتی سەپاندنی باجو وەرگرتنیو پاراستنیو ئیدارەدانییو خەرجکردنی باجو (رسومات)یان هەیە.

## دەستوری عیراق ساڵی ٢٠٠٥

لە مادەی (١١٦) دا هاتووە، (سستمی فیدراڵی کۆماری عیراق لە پایتەختو هەرێمو پارێزگای ناسەنتراڵیو ئیدارەی ناوچەیی پێکدێت). ئەو دەقەی سەرەوە سستمی ناسەنتراڵی بۆ بەڕێوەبردنی کاروبای عیراق دوپات دەکاتەوەو سەلاحیاتی زیاتر بەو هەرێمو پارێزگایانە دەدات کە لە هەرێمێکدا کۆنەبونەتەوە، هەروەها حکومەتی ناوەندی دەبێ دەستبەرداری هەندێك لەسەلاحیەتەکانی خۆی بۆ ئەو یەکە ئیدارییانە ببێت.

دەوڵــەتــی عــیراق لــە دوای پرۆســەی ئازادکردنیــەوە، گۆڕانێکی بنەڕەتی لە سستمی حوکمڕانیدا رویداوە، لەبـری حوکمڕانی سەنتڕاڵی حوکمی ناسەنتڕاڵی جێگەی گرتۆتـەوە، ئەو یاسایانەی لەسەرەوە ئاماژەیان پێدراوە، بەڵگەی دیـاری ئەوەن. بەپێی دەستوری ساڵی ٢٠٠٥، بۆ ئەو پارێزگایانـەی لە هەرێمدا رێکنەخراون، ئەنجومەنی پارێزگا کـە لـەرێگـەی هەڵبژاردنەوە دەستنیشان دەکرێن، بەڕێوەی دەبات.

هەرچەندە هێشتا زووە بـۆ بڕیـاردان لـەسـەر ئـەوەی کـە تاچەند مادەو بڕگەکانی دەستوری تازەی عیراق سەبارەت بە ناسەنتراڵی لـەسـەر ئـەرزی واقـع جێبـەجـێ دەکـرێن، بـەڵام هەندێك لە ئاماژە سەرەتاییـەکـان ئـەوە دەردەخـەن کـە ئـەو مەسەلەیە پێویستی بە کارکردنو گوشاری زیاتری هـەرێـمو پارێزگاکان هەیە، بۆ ئەوەی وەك دەسـتوری یاسـاکانی تـری بەر لە پرۆسەی ئازادی عیراق نەبێتە مەرەکەبی سەر کاغەز.

لــە پــەرلــەمــانی عــیراق کــار بــۆ دەرکردنــی یاســای پارێزگاکان دەکرێ کە لە هەرێمدا رێکنەخراون، بەپێی ئـەو یاسـایە، پارێزگاکـان بـەسـەر یـەکـە ئیدارییـەکانـدا بـەش دەکـاتو سـەلاحیـاتی ئـەنجومـەنـی پارێزگاکـانو قـەزاو ناحیەکانیش رون دەکاتەوە، ئەگـەر ئـەو یاسـایە دەربـچێتو شـێوەی ئیـداری حـوکمڕانی عـیراق دەستنیـشان دەکـاتو دەریدەخات کە تاچەند ئەو شێوەی حوکمڕانییە ناسـەنتراڵـی جێگیر دەکاتو سەلاحیات بە پارێزگاکان دەدا رۆڵی خۆیان لە پەرەپێدانی ناوچەکـانی خۆیانـدا ببیـنن، واتـە دەرفـەتـی زیـاتر بـۆ دانیـشتوانی ئـەو پارێزگایانـە دەرەخـسێنێ بـۆ بـەشـداریکردن لـە پرۆسـەی داڕشـتنی پـلانو سیاسـەتـی

ئاوەدانکردنەوەو پەرەپێدانی ناوچەکەی خۆیاندا، لەلایەکی تریشەوە دەرفەتێکی گەورە بۆ خولقاندنی کێبڕکیێ پارێزگاکان لە پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییو ئاوەدانی پارێزگاکانی خۆیان دەرەخسێنێت، کە پێکەوە دەبنە فاکتەری پەرەپێدانی وڵات.

هەرێمی کوردستان، لەگەڵ ئەوەی بەردەوام داوای کەمکردنەوەی دەسەڵاتەکانی ناوەند دەکات بەپێی مادەو برگەکانی دەستور، هێشتا خۆیشی ئامادە نییە دەسەڵاتەکانی خۆی لە ناوەند دابەزێنێتە خوارەوە بۆ پارێزگاکانی سەر بە هەرێم. هەرچەندە ماوەیەکە ئەنجومەنی پارێزگاکانی هەرێم پرۆژەی یاسایەکیان داوەتە پەرلەمان بۆ زیادکردنی دەسەڵاتی پارێزگاکان لە ئیدارەدانی ناوچەکانی خۆیاندا، بەڵام هێشتا ئاکامەکەی دیار نییە، لەبەرامبەریشدا حکومەت پرۆژەیەکی بۆ هەمان مەبەست ئامادە کردوە، بەڵام تا ئێستا ئەو دوو پرۆژەیە هیچ ئاکامێکی لیێ بەدەر نەکەوتوە.

## پێنجەم: دەرئەنجام

لەسەر بناغەی ئەو پرنسیپپانەی سەرەوەی سستمی ناسانترالّی ئیداری لە کوردستاندا دەکرێت، کە ئەنجومەنی پارێزگاکانو شارەوانیەکانو ئەوانی تر دەگرێتەوە، ئەو دەرئەنجامانەی خوارەوە بخەینەڕوو:

**یەکەم:** لەگەڵ ئەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە توندی پیێ لەسەر سستمی ناسەنترالّی ئیداری لە ناوەندی بەغداد دادەگرێت، بەلاّم لە کوردستاندا لە سالّی ٢٠٠٣ وە پراکتیزەی ناکات.

**دووەم:** تا ئێستا یاسایەکی تایبەت نیە کە دەسەلاّتەکانی سستمی ناسەنترالّی (ئەنجومەنەکانی پارێزگاکان و شارەوانیەکان و هتد...) لە کوردستاندا دیاری بکات. بۆیە لە ڕووی یاساییەوە ئاستەکانی سەرەوە بەرپرسیارن لە کەموکوڕیەکانی خوارەوە، چونکە ئاستەکانی خوارەوە بە دەسەلاّتی سەرەوە کار دەکەن نەك بە دەسەلاّتی یاسا.

**سێهەم:** سستمی ئیداریی ناسەنترالّی هێشتا نەپەڕیوەتەوە بۆ ئیدارەی ناوچەیی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بۆیە ئەنجومەنەکانی سستمی ناسەنترالّی کوردستان لە نێوان دەستەلاّتی سانترالّی ناوەندی حکومەتی هەرێم و داوا دیموکراسیەکانی ناوچەکاندا تا ئاستێك وون بوون.

**چوارەم:** ئەگەر سستمی ناسەنترالّی پێویستی بەکادری بەتواناو چالاك لە هەموو بوارەکاندا هەبێت، بەلاّم ئەم

سیمایە وەك هەموو سستمی ئیدارەی كوردستان لە قەیرانی قوڵدایـــە بـــە دەوری ڕۆتینێكـــی گـــەورەو بێـــشوماردا دەسوڕێتەوە.

**پێنجـــەم**: ســستمی ناســەنتراڵی ئیــداریی كوردســتان لەســەر بناغەیـەكی دیموكراسـی، وەك پێویـست، كارەكـانی ئەنجام نادات، نە لەسەر ئاستی ئەنجومەنـەكانی خۆیـان، نـە لەسـەر ئاسـتی پەیوەنـدیان بـە شـەقامی كوردسـتانەوە. بـۆ نموونە لە پارێزگاكانی كوردستاندا تـا كـوێ ئەنجومەنـەكان ئاگایان لە بەكارهێنانی دەسەڵاتەكانی سەرۆكی لیژنەكان و (پارێزگاكان) هەیە؟ یان تا چەند ناوچەكان بۆ پڕۆژەكانیـان پرسیان پێكراوە؟ و ..هتد.

**شەشەم**: تێكـەڵ بـوونی پڕۆژەكـانی سـستمی سـەنتراڵی حكومـەتی هەرێم و ناسەنتراڵی ناوچەكان بۆتە هـۆی ئـەوەی پڕۆژەكان بە تێچوونی زۆرو ماوەی درێژو جۆری خراپ ئەنجام بـــدرێت. ئەمـــەش زیـــاتر ســـستمی ســـەنتراڵی حكومـــەت دەردەخـــات، تەنانـــەت پڕۆژەكـــانی ناســـەنتراڵیش لـــە سەنتراڵەكان زۆر باشتر نین.

**حەوتـــەم**: ئـەركێكی سـتراتیژی سـستمی ناسـەنتراڵ كەمكردنـــەوەی جیاوازیـــەكانی نێـــوان شـــارو شارۆچـــكەو گوندەكانـە، بـەڵام سـستمی ناسـانتراڵی كوردسـتان ئـەم دەلاقەیەی گەورەتر كردووە بە تایبەتی لە هەولێر.

**هەشتەم**: لەبەر ئەو هۆیانەی سەرەوە، سستمی ناسەنتراڵ لە شەقامی ناوچەكانیان دابڕاون و دیموكراسی لە نێوانیانـدا بـــوونی نییـــە، ئەمـــەش بۆتـــە هـــۆی ونبـــوونی ســـستمی بەدواداچونی خۆیان و چاودێری شـەقام، كـە دەرئـەنجام بۆتـە

هۆی تەشەنەکردنی گەندەڵی ئیداریو دارایی لە سستمی ناسەنتراڵیشدا کە ڕووبەری زەویو دانیشتوانیان بۆ ئاستێکە زۆر شیاوی کۆنترۆڵە.

## شەشەم: راسپاردەکان

**یەکەم:** رێکخستنی سستمی ناسەنتراڵی کوردستان بە یاسای تایبەت بە خۆی بە زووترین کات، کە دەسەڵاتەکان بە پێی یاسا دابەزێت بۆیان، نەك بە شێوازی دیکە. بەمەش دەلاقەی دوالیزمی کەسایەتی حکومەتی هەرێم لەگەڵ ناوەند و پارێزگا کەمدەبێتەوە.

**دووەم:** هەوڵدان کە ئاستەکانی ناسەنتراڵی ئیداری کوردستان بە کەسانی تەکنۆکرات و پسپۆر بەهێز بکرێن، چونکە رۆڵیان زۆر ستراتیجیە بۆ گێڕانەوەی متمانەو سیمای ئینتیمابوونی هاوڵاتی بۆ کوردستان، کە ئێستا زۆر لاواز بووە.

**سێهەم:** سستمی ناسەنتراڵ پێویستی ژیاری بە داتاو ئامار هەیە، کە تا ئێستا ئەم پرسە گرنگە نەبۆتە غەمی نە ناسەنتراڵی ناوچەیی، نە سەنتراڵی حکومەتی هەرێم، بۆیە پێویستە ئەم ئیشکالە بە ئەرکی گرنگ و هەنوکەیی سەیر بکرێت، نەك هەر بۆ داتابێیزی خۆیان، بەڵکو لەسەر ئاستی کوردستان لە سایتەکانیاندا بڵاوی بکەنەوە بە ئامانجی فراوانکردنی ئاسۆی هاوڵاتیان و پسپۆڕانی ناوچەکان بۆ چاودێری و بەدواداچونی پڕۆژەکان، کە بە شێکی گرنگی دیموکراسی و هەستکردن بە لێپرسینەوە لای هاوڵاتی دروست دەکات.

**چوارەم**: دابەزینی ئاستەکانی ئیدارەی ناسەنترالْ بۆ ناوچە دوورە دەستەکان و لێپێچینەوە لە کەموکوڕیەکانیان، بۆئەوەی لانی کەم جیاوازیەکی ئەوتۆ لە نێوان سیستمی ناسەنترالْ و سانترالْدا هەستی پێبکرێت و کێشەکانی خەڵکیش لە بازنەکانی رۆتین و گەندەڵی و بێئومێدی دەربکرێن.

**پێنجەم**: فراوانکردنی رووبەری پرسکردن بە پسپۆڕو شارەزاکانی کوردستان و دەرەوە، بۆ سازکردن و ئامادەکردن و ناساندنی کێشە ئابوری و کۆمەلأیەتی و ...هتد شەقامی کوردستان، نەك بڕیار دروستکردن لە ژوورە داخراوەکاندا، وەك سیستمی سەنترالّی حکومەتی هەرێم تا ئێستا کردویەتی بە میتۆدی کارو پلانی خۆی.

**شەشەم**: فراوانکردنی رۆڵ و ئەرکی ماسمیدیای کوردستان، وەك باشترین چاودێرو بەدواداچوون، نەك هەر بۆ پرۆژەکانی سیستمی ئیداری ناسەنترالّی کوردستان، بەڵکو بۆ بە دیموکراتیزەکردنی جومگەکانی ئەو دەستەلأتە ناوچەییە گرنگە.

**حەوتەم**: فراوانکردنی ئەرك و رۆڵی رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی کوردستان، وەك بەدواداچوون، سوودوەرگرتن لە ئەزمونە کۆمەلأیەتی و رۆشنبیری و دیموکراسیەکەیان لە ئەلّقە جیاوازەکانی سیستمی ئیداری ناسەنترالّی کوردستان، هەم لەبەر ئەوەی ئەزمونی کەمە هەم بۆ کارئاسانی راپەڕاندنی کارەکانیان. دەشێت لەم ڕووەوە ناسانترالّی کوردستان رێکخراوە بە تواناکان و خاوەن ئەزمونەکان بکات، بە پارتنەری خۆی و دارایی زۆر لە

پڕۆژەكانیــان بكــات بــە تایبــەتی لــە بــواری گەشــەپێدانی ئــابووری و پــڕۆژەی بــچووك و مــام ناوەنــدو گەشــەپێدانی كۆمـەڵایەتی و دیموكراسی و مـافی مرۆڤ و ...هتد. دەرئـەنجام ئەم بەشـدارپێكردنە هـاوڵاتی بـە ئاگـا بەرهـەم دێـنێ كـە یەكێك لە ئامانجی سیستمی ناسەنتراڵە لـە رووی زانستی و ئەكادیمیەوە.

# زنجیرەی هۆشیاری

| ژ. زنجیرە | ژ. هۆشیاری | بڵاوکراوەکان | نووسەرو وەرگێڕ | ساڵی چاپ |
|---|---|---|---|---|
| ٣٦٥ | ١٢ | پێگەی میدیا لەهەڵبژاردنی سەرۆکایەتی ئەمریکادا | رێبین حەسەن | ٢٠١١ |
| ٣٦٦ | ١٣ | مميزات النظام الفدرالي | د. شورش حسن | ٢٠١١ |
| ٣٦٧ | ١٤ | جیهانگیری ، فاکتەرو گرفتەکانی دیموکراسی | مەلا بەختیار | ٢٠١١ |
| ٣٦٨ | ١٥ | پەیدابوونی عەلمانیەت | فرید ئەسەسەرد | ٢٠١١ |
| ٣٦٩ | ١٦ | ئیسلامو مۆدێرنە، ئیسلام لەبەردەم ئەگەری عەلمانیەتدا | ن. محمد رەزا شالگونی و. عوسمان حەسەن شاکر | ٢٠١١ |
| ٣٧٠ | ١٧ | سیاسەتی رووخساری نەتەوەیی کەرکوک | د. نوری تاڵەبانی | ٢٠١١ |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ٣٧١ | ١٨ | ئەنفال لەكوردستانی عیراق | ن. مایكڵ لیزنبێرگ<br>و. كارزان محەمەد | ٢٠١١ |
| ٣٧٢ | ١٩ | ئۆپۆزسیۆن لەچەمكەوە بۆ ئەرك | بەختیار جەبار شاوەیس | ٢٠١١ |
| ٣٧٣ | ٢٠ | بەشداریكردنی سیاسی | عابد خالد رەسول | ٢٠١١ |
| ٣٧٤ | ٢١ | سیستمی فیدراڵ لەدەوڵەتی ئیماراتدا | ن. عەبدوڵلا عەنزی<br>و. سەردار عبدالكریم | ٢٠١١ |
| ٣٧٥ | ٢٢ | كوردو پرسی دانپێدانانی دەستووری | خەلیل عەبدوڵلا | ٢٠١١ |
| ٣٧٦ | ٢٣ | تیرۆریزم هەڕەشەو مەترسیەكانی | عادل عەلی | ٢٠١١ |
| ٣٧٧ | ٢٤ | سیكۆلاریزم بەزمانی سادە – عەلمانیەت | ن: ئاستین كلاین<br>و. كاوسێن بابەكر | ٢٠١١ |
| ٣٧٨ | ٢٥ | مۆدێلی حزبایەتی لەكوردستان | ئەنوەر حسێن بازگر | ٢٠١١ |
| ٣٧٩ | ٢٦ | فلسفة الديمقراطية الاجتماعية | د. حميد عزيز<br>ترجمة: محسن بني ويس | ٢٠١١ |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ٣٨٠ | ٢٧ | دەوڵەتشاری دێرین | ن. مۆریس باریيە<br>و. عوسمان<br>حەسەن شاكر | ٢٠١١ |
| ٣٨١ | ٢٨ | ئاینو سیاسەت | ن. نینیان سمارت<br>و. یاسین عومەر | ٢٠١١ |
| ٣٨٢ | ٢٩ | بەجینۆسایدناسینی ئەنفال | ن. خەلیل<br>عەبدوڵڵا | ٢٠١١ |
| ٣٨٣ | ٣٠ | جیۆپۆلەتیکی کوردستان | فەرید ئەسەسەرد | ٢٠١١ |
| ٣٨٤ | ٣١ | دیموکراسیو بنەماكانی گەشەپێدانی سیاسی | د. حەمید حسین<br>كازم<br>و. عادل عەلی | ٢٠١١ |
| ٣٨٥ | ٣٢ | پۆلێن کردنی هەڵوێستەكان پێش پرۆسەی هەڵبژاردنو دەنگدان | نیاز سەعید عەلی | ٢٠١١ |
| ٣٨٦ | ٣٣ | النضال الدستوري للاستاذ ابراهيم احمد في العراق الجمهوري | د. شورش حسن<br>عمر | ٢٠١١ |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ٣٨٧ | ٣٤ | كوردو توركمان – تێڕوانینێك بۆ میكانیزمەكانی پێكەوە ژیانی ئاشتییانەی نێوانیان | یوسف گۆران | ٢٠١١ |
| ٣٨٨ | ٣٥ | عەلمانیەت چیە؟ ماناو پێناسەكانی | زاهیر شكوور | ٢٠١١ |
| ٣٨٩ | ٣٦ | خوێندنەوەیەك بۆ فیكری حەسەن بەننا | عادل عەلی | ٢٠١١ |
| ٣٩٠ | ٣٧ | شێوەكانی بەدەستهێنانی مافی چارەنووس | خەلیل عەبدوڵلا | ٢٠١١ |
| ٣٩١ | ٣٨ | تعريف الأنفال بالابادة الجماعية | خەلیل عەبدوڵلا | ٢٠١١ |
| ٣٩٢ | ٣٩ | قراءة في مفهوم التحديث والتنمية السياسية | احسان عبدالهادي | ٢٠١١ |
| ٣٩٣ | ٤٠ | كاریگەریی قەرزە گشتییەكانی ئەمریكا لەسەر ئابووریی ئەمریكاو جیهان | فەیسەڵ عەلی | ٢٠١١ |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ٣٩٤ | ٤١ | ديموكراسی لە نێوان مۆدرێنێتەو پۆست مۆدرێنێتەدا | مەلا بەختيار | ٢٠١١ |
| ٣٩٥ | ٤٢ | ئينتەرناسيۆناليزمی دينیو دياردەی فرەنەتەوەيی | فەريد ئەسەسەرد | ٢٠١١ |
| ٣٩٦ | ٤٣ | باشووری سودان | شادمان مەلا حەسەن | ٢٠١٢ |
| ٣٩٧ | ٤٤ | الديمقراطية دراسة فكرية سياسية | عبدالرحمن كريم درويش | ٢٠١٢ |
| ٣٩٨ | ٤٥ | الاكراد والديمقراطية والاندماج | فريد اسسرد | ٢٠١٢ |
| ٣٩٩ | ٤٦ | زمانی كوردی لە دەستورەكانی عيراقدا | خەليل عەبدڵلا | ٢٠١٢ |
| ٤٠٠ | ٤٧ | ڕۆڵی ژنان لە پەرەپێدانی كاری ڕێكخراوەييدا (ی.ن.ك )وەك نمونە | جەميلە شێخ مەحمود<br>شلێر ڕەشيد<br>نيگار عومەر | ٢٠١٢ |
| ٤٠١ | ٤٨ | ئارامو رۆڵی لە بزووتنەوەی سياسيدا | فەريد ئەسەسەرد | ٢٠١٢ |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ٤٠٢ | ٤٩ | چەپکەگول قەفتەك ژ سەروەری و هەڵویستێن ئێکەتی نیشتمانی کوردستان | قادر حسن عیدۆ | ٢٠١٢ |
| ٤٠٣ | ٥٠ | الدعائم الأساسية للدولة الفدرالية | د. شورش حسن عمر | ٢٠١٢ |
| ٤٣١ | ٥١ | رۆڵی (ی.ن.ك) له دیموکراتیزەکردنی کۆمەڵگەی کوردستان | ئەنوەر حسێن (بازگر) | ٢٠١٢ |
| ٤٣٢ | ٥٢ | دەروازەیەك بۆ ئاسایشی نیشتمانی هەرێمی کوردستان | قادر حەمە جان عزیز | ٢٠١٢ |
| ٤٣٣ | ٥٣ | النظم الانتخابية و نظام انتخاب مجالس محافظات العراق و اقليم كردستان | د. درباز محمد | ٢٠١٢ |
| ٤٣٤ | ٥٤ | ئیدارەی کوردیو ئۆپۆزسیۆن | حەمە دۆستان | ٢٠١٢ |
| ٤٣٥ | ٥٥ | المصالحة الوطنية بين التحدي والتحقيق | د. إسماعيل نامق | ٢٠١٢ |
| ٤٣٦ | ٥٦ | طالباني وجائزة نوبـــــــل للســـــــــــلا م | يتانا ديوخ نوشا ترجمة: احمد زردشت | ٢٠١٢ |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ٤٣٧ | ٥٧ | بەتايبەتيكردن وەك ميتۆدێكی ريفۆرمی ئابووری | فەيسەڵ عەلی | ٢٠١٢ |
| ٤٣٨ | ٥٨ | ئيسلامو مۆدرێنێتی سياسی | ئەكرەمی ميهرداد | ٢٠١٢ |
| ٤٣٩ | ٥٩ | (ی.ن.ك): پێناسەی حزبێكی سۆسيال ديموكرات | نەجمەدين فەقێ عەبدوڵلا | ٢٠١٢ |
| ٤٤٠ | ٦٠ | گيروگرفتی دەوڵەتی فيدراڵی پێكهاتووو لەدوو يان سێ هەرێم | د. شۆڕش حەسەن عومەر | ٢٠١٣ |
| ٤٤١ | ٦١ | الرجلان اللذان الحقا الكرد بالعراق | تأليف: ديفد كورن ترجمة: حسن سيدو | ٢٠١٣ |
| ٤٤٢ | ٦٢ | الشخصيةالقومية الكردية دراسة في القيم والسياسة | تأليف: صلاح ابراهيم هورامي | ٢٠١٣ |
| ٤٤٣ | ٦٣ | رێبەری كادير بۆ چەمكە ئابوورييەكان | نووسينی: بێستوون سابوراوايی | ٢٠١٣ |

له چاپخانەی دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی
چاپکراوە